

# "بۆ گرتنی فۆتۆیەك لەنێوان ژیان و مەرگدا بووم، بەڵام ڕۆژنامە کوردیەکان بایەخی نازانن"

## جەمال پێنجوێنی بۆ هاوڵاتی

### ئا:ئاسۆ

جەمال پێنجوێنی یەکێکە لەو لاوانەی کە لە بواری وێنەگری ڕۆژنامەوانی بەڵگەنامەیدا کاردەکات لەماوەی سێ ساڵی کارکردنیدا لەگەڵ چەندین ڕۆژنامە و وێب سایتی جیهانیدا کاری کردووە ئێستاش سەرقاڵی وێنە کتێبێکە بەناوی "زەردەخەنەی دووای جەنگ". جەمال پێنجوێنی ماوەیەکی زۆرە نیگەرانی و موعاناتێکی زۆری لەگەڵ ڕۆژنامەی ناوخۆییەکانی کوردستاندا هەیەو بەوە تۆمەتباریاندەکات دەکات کە مافیان خواردووە. پێنجوێنی لە چاوپێکەوتنێکی هاوڵاتیدا باس لە کێشەو گرفتەکانی دەکات.

هاوڵاتی: نەبوونی فۆتۆجورنالیت لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا تا ڕادەیەك بۆشایی دروست کردووە تۆ وەك فۆتۆجورنالیستیك لە بوونی کاور لەم بوارەدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

جەمال: من ئەتوانم وەڵامی پرسیارەکەت بە دوو شێوە بدەمەوە ،یەکەمیان ڕۆژنامەنووسی ئێمە تا ئێستاش پروفیشنال نییە ڕۆژنامەوانەکانی ئێمە تا ئێستا وا بیردەکەنەوە کە دوو سێ کەس کۆببنەوەو ستافێکی بچووك پێکبهێنن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەك دەربکەن کە ئەمەش ناپروفیشنالییە. دووهەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆژنامەنووسی ئێمە لەبەر ئەوەی واریداتی کەمەو ئیمکانیاتی تەکنیکی نییە تا ڕادەیەك لە بواری تەکنیك و هونەری کامێرا شارەزا نییەو بەداخەوە لای ئێمە ڕۆژنامەوانەکان ناشیانەوێت فێر ببن. بۆ نموونە، تا ئێستا فەراغێکی گەورەی ناو ڕۆژنامەکانە لەبەر ئەوەی فۆتۆجورناسی تێدا نییەو ئەوەشی کامێرای پێیە لەنێو ڕۆژنامەکانا ناشزانێ ئەساسی فۆتۆجورناسی چییە.

هاوڵاتی: ئێستا ڕۆژنامەکانی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغە پەنایان بۆ ئینتەرنێت بردووەو ئایا وەرگرتنی فۆتۆ لە ئینتەر نێت نیشانەی لاوازی ڕۆژنامەگەری کوردی نییە؟

جەمال: ئینتەرنێت ڕاستە کار ئاسانی زۆربەی کردووە بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە وابیر دەکەنەوە کە هەموو شتێکیان بۆ ئاسان کراوە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەو فۆتۆیەی ئەوان ئەوان وەری دەگرن هی خۆیان نییە ئەگەر یاسای کۆپی ڕایت هەبێت لەم وڵاتەدا بە هەزاران دۆلار غەرامە دەکرێت ئەگەر خاوەنی فۆتۆکە بزانێت بەڵام بەداخەوە لای ئێمە ئەو مافە نەپارێزراوە بۆیە ڕۆژنامەکانی خۆمان بە ئارەزووی خۆیان فۆتۆ وەردەگرن.

هاوڵاتی: وەك خۆت باست کرد موعاناتێکی زۆرت هەیەو ڕۆژنامەکانی خۆمان فۆتۆکانی تۆ وەردەگرن بەشێکی زۆری ڕۆژنامەکان تەنها ئیشارەت بە ناوەکەشت ناکەن کە فۆتۆی تۆیە ئەمە لە کاتێکدا تۆ ئەو فۆتۆیانەت فرۆشتووە بە ڕۆژنامە بیانیەکان من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەمە کێشە بۆ تۆ دروست ناکات؟

جەماڵ: ئەوە گرفتی گەورەی من و ئەو ڕۆژنامەیەی کە فۆتۆکەی من وەردەگرێت بیر لەوە ناکاتەوە کە من بۆ گرتنی فۆتۆیەك موجازەفەم بە ژیانی خۆم کردووە جاری واش هەبووە لە نێوان ژیان و مردندا بووم بۆ ئەوەی ئەو فۆتۆیە بگرم بەڵام ڕۆژنامە کوردییەکان بایەخی ئەم فۆتۆیەی تۆ نازانێت وەری ئەگرێت بێپرسکردن. من یەك شتی زۆر سەیرم بینی حەز ئەکەم بۆتی بگێڕمەوە خەڵك هەبووە چووە وێنەکەی لە ئینتەرنێت وەرگرتووەو بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە ئەم شتانە بەس لە کوردستاندا هەیە خۆ من نەمردووم و لە وڵاتەکەشم ئاوا ناحەقیم پێئەکەن.

هاوڵاتی: بۆچی هەوڵت نەداوە ڕێگای یاسایی بگریتەبەر بۆ ئەوەی مافەکانت بۆ بگێردرێتەوە؟

ج پ: سێ هۆکار هەیە کە من تا ئێستا ئەم کارەم نەکردووە، یەکەمیان ئەوەیە کە یاسایەك نییە لە کوردستان تۆ بچی بۆ کوێ داوایەکی یاسایی تۆماربکەی. دووەمیان من زۆر سەرقاڵم بەهۆی سەفەرکردنم بەهۆی کارەکەمەوە کە بە ڕاستی زۆر سەرقاڵیم هەیە لەگەڵ کارەکەم و بەڕاستی من لێرەوە ئەڵێم کە من پێم خۆش نییە کە فۆتۆکانی من لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوئەبێتەوە لەبەر ئەوەی من ئەو فۆتۆیە ئەفرۆشم بە جێگایەك کە مافی کۆپی ڕایتی بۆ نەگەڕێتەوە من عقد ئەکەم لەگەڵ ئەو جیگایەی کە فۆتۆکەی پێئەفرۆشم بڕوات هەبێت لەنێو عەقدەکاندا نەموێراوە هەموو خاڵەکان ئیمزا بکەم لەبەر ئەوەی کە دەزانم ڕۆژنامەکانی خۆمان فۆتۆکان بڵاو دەکەنەوە من لە

لایەن جێگای زۆر باشەوە داوام لێکراوە کە عەقدیان لەگەڵ ببەستم بەڵام هەرچەندە بیرم ئەکردەوە کە ئەگەر عقد بکەم لە کوردستان مافی کۆپی ڕایتی نەپارێزراوە دوای تووشی کێشەی گەورەم ئەکات.

تێبینی ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی هاوڵاتی دا بلاّو بۆتەوە